کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-1-2007 20:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئینسایکلۆپیدیای بەرزنجە

بەرزنجەی زێدی ڕۆشنبیران و، گەورەپیاوانی شۆرشگێری و، خەبات و، زانایان و، ئەهلی تەریقەت و، مامۆستایانی ئاینی و، ئەکادیمیستان و، پسپۆرانی هەموو بوارە جیاوازەکان، تەمەنی زیاتر لە 800 ساڵ دەبێت و، تاهەنووکە وەك پێویست هیچی لەبارەوە نەنووسراوە و، خەڵك زانیاری پێویستی لەسەر نییە و، تەنانەت لەزۆر ڕووەوە بەرزنجییەکانیش شارەزای پێویستییان لە دیرۆکی مەزن و، باڵای شارۆچکەکەیان نییە، بۆ نموونە لەهەوڵی کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ عیسای بەرزنجەیی باپیرەگەورەی بەرزنجییەکان ماندوو بووم دێرەشێعرێکم لەنێو بەرزنجییەکاندا دەست نەکەوت و، لە سەدا 99بەرزنجییەکان نەیان دەزانی کەشێخ عیسای باپیرە گەورەمان شاعیربووەو، شیعرەکانی بەهۆی کۆنییانەوە جێگەی بایەخەو، کەم تازۆر لە ڕوو پاراستنی زمانەوە سودیان هەیە و، ئەو هۆنراوانەی کۆم کردوونەوەو، بەردەوامیشم لە کۆکردنەوەیان لای خەڵکانێکن کەبەرزنجینین و، ڕەنگە بەرزنجەشیان نەدی بێت، چجای بگات بەبەرهەمی کورەکانی و وەچەکانی و، جگەلەوەش کاری پێویست لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بۆ ئەم شارۆچکەیە نەکراوەو، هەوڵی پێویستیشی بۆ نەدراوە بەتایبەت لە ڕووی هێشتنەوەی پاشماوەدێرینەکانی وەك قەڵای سرۆچك، کە من لای خۆمەوە لەهەوڵی ئەوەدام بەرپرسان هاوکارییکەن بۆ نوی کردنەوەی قەڵا و، هاوشێوەکانی و، جادە بۆ بردنی هەتاوەکو وەك شوێنەوارێکی دێرینی سەرنج ڕاکێش خەڵك سەردانی بکات و، بۆ نەوەکانی داهاتوومان ئەم شوێنەوارەو، هەموو شوێنەوارەکانی دیکەی کوردستان بمێننەوەو، وێران نەبن. چونکە گەلی خاوەن مێژوو ئەو گەلەیە کە پاشماوەی دێرینی هەبێت، و ئەم کارانە ڕەنگە درێژەبکێشن و، کاتێکی زۆریان بوێت بەتایبەتی لەکاتێکدا بەرپرسانی ئەم وڵاتە گوێ لەکەس ناگرن و، دەرگاشیان داخراوە بە ڕووی خەڵکیدا، بۆ نموونە سەرنووسەی گۆڤاری خاك کە کاك باستە ڕێگەنادرێ ببینرێت، و دەبێت مەوعیدت بۆ دابنێن و، لە پرسگە بەو لاوەت چاو پێناکەوێت، ئەمەش لەوکاتەدا تووشی هاتم کەویستم بچمەلای بۆ ئەوەی پێی بڵێم بابەتێك بە 4-5بەش لەسەر بەرزنجە دەنووسم تائەوکاتەی هەموو بەرگەکانی مەوسوعەی بەرزنجەم ئامادە دەبی و، لەچاپیان دەدەم، بەڵام نەکاك باستم دی و، نەوەڵامی نامەکەشی دامەوە، چ جای بگات بەئەندامانی مەکتەب سیای و سەرکردایەتی حیزبەکان، کە لەو بڕوایەدام لە پرسگەکانیشیان بمان کەنەدەرەوە، نەك ببیان ببینن.

بەهەرحاڵ هەنووکە بەشی یەکەمی ئینسایکلۆپیدیای بەرزنجە ئامادەیەو، بۆ ئەوەی بەکەم و، کورِی نەڕوات داواکارم لەو بەڕێزانەی وێنەی بەرزنجە یان کەسایەتییەکانیان لایە بۆمان بنێرن لەگەڵ ئەو پەڕی سوپاسدا.

بەتابەت وێنەی (سەید کاکە، شێخ عبدکەریم، کاك ئەحمەدی شێخ، شێخ مارفی نۆدی، و. . . . . . . . . . . . . . . . )

بەشی یەکەمی ئەم ئینسایکلۆپیدیایە تایەبەتە بە وێنە بەم شێوەیە:

1-وێنەی ناوازەو، کۆنی بەرنجە.

2-هەردێیەکی سەربە بەرزنجە و، نزیك لێیەوە، وێنەیەکی بڵاو دەکرێتەوە.

3-وێنەی کەسایەتییە کۆچکردووەکان.

4-وێنەی ئەو کەسایەتییە ناسراوانەی لە ژیاندا ماون.

5-دوو پاشکۆ:

ا- تابەتە بەو شەهیدانەی بەرزنجین.

ب-تابەتە بە نووسەران، ڕۆشەنبیران، مامۆستایان، ئەکادیمیستان، ڕۆژنامەنووسان، . . . . . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆیە داکارم لەبەرێزتان وێنەی خۆتان بنێرن. چونکە بەهۆی بڵاوی و گەرەی بەرزنجەوە ناتوانری هەموو ئەو وێنانە کۆبکرێتەوە بەتایبەتی خاڵی 4- و 5-.

ئامادەکارانی ئینسایکلۆ پیدیای بەرزنجە

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
عومەر کەریم بەرزنجی

و چەند نووسەر دی
hemnymela@yahoo. com
dr. hemnbarznji@yahoo. com
www.barznja.kurdblogger.com

سەرنج:
ئەم ویبلۆگە بەشێوەی کاتییەو، دووای تەواوبوونی مەوسوعەکە دەکرێتەماڵپەری رەسمی و، هەموو زانیارییەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.